
KURDISTAN


بەشێک لە وتار وتووێژەکانی
هاوڕێ شنە دروودگەر
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


١- بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دووجار هەڵوێستگرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم..................................

.......................................................................................... وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی ..... ٣

٢- لاوازیی باری ئابووریی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی هەڵاواردن و چەوسێنەرانەی ڕێژیمی ئێران، لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژیی ژنانە.................................................... وتووێژ: بێهزاد قادری ..... ٧

٣- ژن و ژینگە.................................................................................................................. ١١

٤- ژنان چەخماخەی ڕاپەڕینی ئەم جارەیان لێی داوە و لە بەرنگاریبوونەوەی داگیرکەردا بوونەتە پێشەنگ.............

.......................................................................................... هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ..... ١٤

٥- چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێران.................................................... ١٨

٦- لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا "شۆڕشی ژینا"................ شەهلا حاجی ڕەحیمی .......... ٢١

٧- هیوادارم بانگەوازی هاوبەشی ٦ حیزبەکەی ڕۆژهەڵات، ببێت بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا پشتیوانی و بەشداری لە شۆڕشی ژینادا بکەن............... قەندیل پرێس ..... ٢٤

٨- گرینگیی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی....................................... ٢٩

٩- ژن و زمانی دایکی............................................................................................................ ٣٣

١٠- کورتەیەک لە ژیاننامە نەمر سەید ڕەزای دروودگەر............................................................ ٣٧




## شنە دروودگەر: بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دووجار هەڵوێستگرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم


شنە دروودگەر: بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دووجار هەڵوێست گرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم

بڕیارە شانۆگەری هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەدا بەڕێوە بچێت، زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردووە.

هەروەها ناوەندی "ژنانی ڕۆژهەڵات"، بۆ بایکۆتکردنی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵکی کوردستان، بە تایبەت ژنان کردووە کە بەشداریی لەم هەڵبژاردنانە نەکەن.

لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ "شنە دروودگەر" سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکمان پێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

**ڕەحمان سەلیمی:** ئێوە لە ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوێکتان سەبارەت بە بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم بڵاو کردۆتەوە. ئامانجتان لەم کارە چی بووە؟

**شنە درووەگەر**: ئێمە وەکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بەو زوڵم و زۆرییەی کە لە دژی گەلەکەمان و بەتایبەتی ژنان کراوە، لەسەر ئەو باوەڕەین کە بەشداری کردن لەو بەناو هەڵبژاردنە، ڕەواییبەخشینە بەو هەموو چەوسانەوە و ناحەقیەیی بەرانبەر بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت ژنان دەکرێت. لە ڕوانگەی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات، ئێران لەو کاتوساتەدا کە تێیدایە و بە تایبەتی دوای ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەی چەند مانگی ڕابردوو، پێویستی بە سیناریۆیەکی نوێیە کە بە دونیای دەرەوە و وڵاتانی هاوپەیمانی نیشان بدات کە وەکوو هەمیشە خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە و هاوکات سیمایەکی سەردەمیانە و دێموکرات لە هەڵبژاردنەکان وێنا بکات. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی بنەما و سیاسەت و ناوەڕۆکی ئەم ڕێژیمە، هەڵبژاردنەکانی لەگەڵ چەمک و واتای هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دێموکراتیک پێکناکۆکن، هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە حکومەتێکی بێکەڵک و ستەمکارە و زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ژنی چەوساندۆتەوە و مافەکانی پێشێل کردووە، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە دەنگدان بەو ڕێژیمە، دەنگدانە بە هەموو پێشێلکارییەک و چەوسانەوەیەک بەرامبەر بە ژنان.

**ڕەحمان سەلیمی**: لەم دۆخەدا ژنانی ئێران و بەتایبەت ژنانی کوردستان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەتوانێت وەکوو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکارییان بێنێت؟

**شنە درووەگەر**: هەروەکوو پێشتر باسم کرد ڕێژیمی ئێران لە بارودۆخێکی نالەبار و هەستیاردایە و بەتایبەتی دوای گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و دروستبوونی گرژی و ئالۆزی زیاتر لەگەڵ ئامریکا و هاوکات خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، دەبینین کە تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران ڕوو لە هەڵکشانە و لەلایەکی دیکەشەوە بە خرۆشانی شەقام و خۆپیشاندانی خەڵک لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، تەلیسمی ترس لە ڕێژیم تێکشکا و خەڵک ئازایانە و بوێرتر لە جاران دەڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن و دروشمی ڕووخان بەرامبەر بە ڕێژیم دەڵێنەوە. هەر بۆیە لەم کاتەدا ڕێژیم هەست بەوە دەکات کە چەواشەکاری و فێڵێکیتر بێنێتە ئاراوە و خۆی بە جۆرێکیتر نیشان بدات. بۆچی؟ چونکە هەستی بەوە کردووە کە لە هەموو خوپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا، ژنان ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەبووە. بۆیە هاتووە و دروشمی "ژن نیوەی کۆمەڵگایە" بەرز کردۆتەوە و بە قەول و بەڵێنی زیاترکردنی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمان و پێدانی پلە و پۆستی زیاتر لە دامودەزگا حکومەتییەکان، بەشداری بە ژنان بکات لەم هەڵبژاردنەدا. بۆیە مەبەست لەو وردەدروشم و وردەگۆڕانکارییانە، تەنیا بەکارهێنانی ژنانە وەکو ئامرازێک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان لە ڕاستای پیلانە نگریسەکانی خۆیدا؛ بەڵام وەکوو هەمیشە بەرنامە و پیلانی ڕێژیم بۆ گەلی کورد و بەتایبەتی بۆ توێژی ژنان ڕوون و ئاشکرایە و بە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگاهی و ڕۆشنبیری ژنان لەمەڕ مافەکانی خۆیان، ئەم پیلانە پوچەڵ کراونەتەوە.

**ڕەحمان سەلیمی**: **لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان زیاتر لە توێژەکانی دیکە لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کراون؛ ژنان لە بەرامبەر شانۆی هەڵبژاردنەکانی پێشووی ڕێژیم چۆن جووڵاونەتەوە؟ و دەبێ چ دەرسێک لەو ڕابردووە وەربگرن؟**

**شنە دروودگەر**: ژنان لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە یەکەمین قوربانیی سیستم و یاساکانی ڕێژیم بوون و هەر لە ١٧ی ڕەشەممەی ١٣٥٧(٨ی مارس)، هەزاران ژن بە شێوەیەکی خۆڕسک دژی حیجابی زۆرەملێ و دژایەتی چاکسازیی لە یاسای بنەڕەتی هاتنە مەیدان و ڕاشکاوانە بە ڕێژیمی خومەینیان ڕاگەیاند کە یاساکانتان دژەئینسانین و ژنان قوربانی سەرەکی ئەم یاسا دواکەوتووانەن. لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا ڕەگەزی ژن بە هۆی ژنبوونیانەوە هەمیشە بە شارۆمەندی پلە دوو ئەژمار کراون و زۆرینەی مادە و بەندەکانی یاسای بنەڕەتی ڕێژیم، نەک بۆ پشتیوانی ژنان دانەڕێژراون بەڵکوو بە دژی مافە سەرەتاییەکانی وەکوو وەرگرتنی مۆڵەتی سەفەر( پاسپۆرت)، مافی جیابوونەوە (تەلاق) وهتد ... دانراون. کەواتە هەڵبژاردن و گۆڕینی دەموچاوەکان ئەویش لە بەرژەوەندی سیستمی داخراوی ویلایەتی فەقیهیدا، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە کۆی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دژی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەت ژنانن کە نیوەی کۆمەڵگان و باش دەزانن کە گۆڕان لەو یاساو سیستمەدا بە مانای نەمانی سیستمی ویلایەتی فەقیهە.

**ڕەحمان سەلیمی**: **لەم دۆخە هەستیارەی ئێستادا، ئایا ژنان خۆیان ئامادە کردووە کە وێڕای چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکاندا دەوری کاریگەر بگێڕن؟**

**شنە دروودگەر**: ژنان نەک ئێستا بەڵکوو بە درێژایی ٤٠ ساڵ حوکمڕانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، هەمیشە پێشەنگ بوون لە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بە مەبەستی کرانەوە و چاکسازی لە ئێراندا هاتوونەتە ئاراوە و لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا بەرچاو بوون و زۆرترین قوربانیان داوە و باکیان نەبووە لە ڕژانی خوێن و کۆتوبەندی ڕێژیم. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە فراوانتربوونی خۆپیشاندانەکان و بەتایبەت لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، بینیمان کە ژنان وەکوو هەمیشە ئامادەی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکن و لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا لە سەرانسەری ئێراندا، وێنە و فیلم و دۆکیومێنتارەکان شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدەن کە ژنان بوون ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبوونەوە و دروشمی ڕووخانیان دەدا.

**ڕەحمان سەلیمی**: **بەشداریی نەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە ئێران لەگەڵ بەشداریی نەکردنی ژنان لە کوردستان چ جیاوازییەکی هەیە؟ واتە داواکارییەکانیان هاوبەشە؟**

**شنە دروودگەر**: ئەگەر ژنان لە ئێراندا تەنیا بەهۆی ژنبوونیانەوە دەچەوسێنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، ئەوا ژنی

کورد دووجار دەچەوسێتەوە و زوڵمی لێ دەکرێت. یەکەم بەهۆی کوردبوونییەوە و دواتر بەهۆی ژنبوونییەوە. هەربۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بە هەموو شێوەیەک بەشداری بە گەلی کورد و بە تایبەت توێژی ژن بکات تاوەکوو تۆزقاڵە مەشروعیەتێک لەسەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەر بۆیە بە بەشدارینەکردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا دووجار هەڵوێست گرتنە بەرامبەر بە ڕێژیم لە ئاست مافە نەتەوەیی و مافە یەکسانی خوازانەکانی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## شنە درروودگەر: لاوازیی باری ئابووریی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی هەڵاواردن و چەوسێنەرانەی ڕێژیمی ئێران، لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژیی ژنانە



**وتووێژ: بێهزاد قادری**

**لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، خۆکوژی لەنێو هاووڵاتییانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕووی لە زیادبوون کردووە. لەو پەیوەندییەدا و بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە ئاژانسی هەواڵدەریی "کوردپا"، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ٢٨ ژنی کورد خۆیان کوشتووە کە ١٢ کەس لەو ژنانە ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە و ٢ کەسیان دەزگیراندار بوون.**

**لەم پەیوەندییەدا وتووێژێکمان لەگەڵ خاتوو "شنە درروودگەر"، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**بێهزاد قادری: بۆچی لە ماوەکانی ڕابردوودا بەگشتی ڕێژەی خۆکوژیی ژنان لە ئێراندا زیادی کردووە؟**

**شنە درووگەر**: دیاردەی خۆکوژی ڕەفتارێکە کە مرۆڤ بە مەبەستی خۆسڕینەوە لە گەردوون، بە شێوەیەکی ئاگاهانە ئەنجامی دەدات. تاک لە کاتێکدا ئەو بڕیارە (خۆسڕینەوە) دەدات کە لە ژیانی خۆی بێزار بێت و هەموو شتێک ڕەش ببینێت و لە داهاتووی خۆی بێهیوا بێت. لێرەدا پرسیارێک دەخولقێت، هۆکارەکان چین کە تاک هان دەدا بۆ ئەوەی هەوڵی خۆکوشتن بدات؟ پاڵنەر و هاندەر زۆرن لە کۆمەڵگادا. بۆ نموونە، دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی و کولتووری پیاوسالاریی زاڵ لە بنەماڵەکاندا و هاوکات نەبوونی یاسا و ڕێسایەکی سەردەمییانە لەلایەک، دۆخی ئاڵۆز و داتەپیوی ئابووریی کۆمەڵگا و بنەماڵە لەلایەکی دیکەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان هەیە. دوای ئەوە توندوتیژیی فیزیکی و گوشاری دەروونی تەنگی بە ژن هەڵچنیوە، بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی مەوجوود، پەنا بۆ کۆتاڕێگە، واتە خۆکوژی کە لە ڕاستیدا گەورەترین و دوایین هەڵەی ژیانیانە، دەبەن. بۆیە ڕێژەی خۆکوژی بەهۆی دۆخی شپرزەی ئێران ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبووندایە.

**بێهزاد قادری**: ئەی هۆکاری ئەوە چییە کە خۆکوژیی ژنان لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەنیسبەت پارێزگاکانی تری ئێران زیاترە؟

**شنە درووگەر**: بە شێوەیەکی گشتی هۆکار زۆرن، بەڵام بۆ باسکردن لە هۆکارەکانی خۆکوژی لە ڕۆژهەڵات، دەتوانم ئیشارە بەو چەند خاڵانە بکەم:

لاوازیی باری ئابووریی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی هەڵاواردن و چەوسێنەرانەی ڕێژیم کە لە پارێزگاکانی کوردستان بەڕێوەی دەبات و هاوکات نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوان و ژنان (دروستکردنی کارگەی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵ.) پیاوسالاری و دابونەریتی کۆمەڵگا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تۆخی ماوە و هاوکات ئەگەرچی کەمڕەنگ بووە، بەڵام بافتی عەشایری و ژن بە کۆیلە زانین و بەزۆر بەشوودان و گەورە بە بچووک و... خاوەن ڕۆڵ و کاریگەرین لە پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

نەبوونی ڕێکخراو یاخود ناوەندێکی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان خۆی هۆکارێکی سەرەکییە. چونکە ئەگەر ناوەندێکی داکۆکیکار هەبێت و بتوانن لە کاتی کێشە و توندوتیژی بەرامبەریان، سەردانی بکەن و قسەی دڵی خۆیان بکەن، بێگومان باندۆری لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی خوکوژی دەبێت.

یاسایەک لە ڕاستای پاڵپشتی لە مافەکانی ژنان لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونی نییە کە هیچ، بگرە ئەو یاسایانەی کە ڕێژیمی ئێران دایڕشتوون، هەمووی نەتەنیا دژی مافەکانی ژنانە، بەڵکوو زۆربەیان بوونەتە هۆکار بۆ

دروستکردنی توندوتیژیی زیاتر بەرامبەر بە ژنان.

بۆ نموونە مادەی ٦٣٠ی سزای یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئێران باس لەوە دەکات کە هەر کاتێک پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی تر ببینێت، ڕێگەپێدراوە کە بەبێ هیچ شاهید و بەڵگەیەک کۆتایی بە ژیانی بێنێت.

**بێهزاد قادری**: پێتان وایە کە ئەم ئامارانە لە داهاتوودا بەرزتریش دەبێتەوە یان نە؟

**شنە درووودگەر**: دیاردەی خۆکوژی لە وڵاتی ئێراندا کاتێک کەم دەبێتەوە کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە یاساکاندا بێنە ئاراوە و کۆمەڵگاش لەو کۆمەڵگا سوننەتی و پیاوسالارییەیدا بێتە دەرەوە و بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن و سەردەمیانە هەنگاو هەڵبگرێت تاکوو مافەکانی ژنانی تێیدا دەستەبەر بێت. ئەگەرنا بەپێچەوانەوە نەتەنیا خۆکوژی کەم نابێتەوە، بگرە زیاتریش پەرە دەستێنێت.

**بێهزاد قادری**: هەندێک حاڵەتی وا هەیە کە کچانی دەزگیراندار خۆیان دەکوژن، هۆکاری ئەوە چییە و بۆ پێشگرتن بەو خۆکوژییانە دەبێ چی بکرێت؟

**شنە درووودگەر**: هەروەکوو باسم کرد بوونی هەندێک دابونەریتی کۆن کە ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زاڵە، وا دەکات کە ئەو کچانەی کە لە قۆناغی دەزگیرانداریدان پەنا ببەنە بەر خۆکوژی. بۆ نموونە بەزۆر بەشوودانی کچان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بە کەسێک کە بە دڵی نییە، جا بە هۆکاری دەوڵەمەندی یان خزمایەتی یان خوێنبایی یان جیاوازیی زۆری تەمەنی نێوانیان، هۆکارن بۆ هاندانیان بەرەو بڕیاری خۆسڕینەوە و خۆکوژی، هەر بۆیە زۆر گرینگە بۆ چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیانی هاوبەش، هەردوو ڕەگەز ڕەزامەندیی خۆیان لەسەر بێت و بنەماڵەکانیان ڕێز لە بڕیارەکەیان بگرن.

**بێهزاد قادری**: بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکان، لەسەر بنەماڵەکان چ کاریگەرییەکی دەروونیی لێدەکەوێتەوە؟

**شنە درووودگەر**: خۆکوژی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بنەماڵە و کار دەکاتە سەر چالاکییەکان و جموجۆڵەکانی نێو ئەندامانی خێزان. بۆ نموونە هەندێک جار کێشە و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان بنەماڵەیەک، بەجۆرێک کە هەریەک لە ئەندامانی بنەماڵە یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە شتێک و پاشان هەست بە پەشیمانی و گوناح دەکەن و دواتر بەردەوام دەگەڕێن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە "بۆچی ڕووی دا؟". یان ئەوەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی خەمۆکییەکی زۆر

لەنێو باقیی ئەندامانی خێزانەکە و ئەمەش بۆ خۆی جێگای مەترسییە بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو ڕەفتارانە.

**بێهزاد قادری**: بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژییەکان، چ کاریگەرییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگا دادەنێت؟

**شنە دروودگەر**: خۆکوژی نەتەنیا زیانی بۆ خێزانی خۆکوژەکە هەیە، بەڵکوو زیانی گەورە بەر کۆمەڵگا دەکەوێت. هەتا ڕێژەی خۆکوژی لەنێو کۆمەڵگادا بەرز بێت، ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی خەمۆک و پڕ لە دڵەڕاوکێ دەبێت. بەجۆرێک بێهیوایی و خەفەت باڵ بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا دەکێشێت و بەرەو لاوازیی ڕۆحی و ڕەوانیی دەبات. هاوکات ئەو کۆمەڵگایانەی ڕێژەی خۆکوژییان لە سەرەوە بێت، لە ڕوانگەی جیهان و تاکی پێشکەوتووەوە کۆمەڵگای ناتەندروست و دواکەوتوو ئەژمار دەکرێن.

**بێهزاد قادری**: بۆ کەمکردنەوەی خۆکوژیی ژنان، دەبێ چ ڕێکارگەلێک بەکار ببرێت؟

**شنە دروودگەر**: سەرەتا پێویستە ژنان خۆیان و گیانی خۆیان خۆش بوێت. چونکە بەو کردارەیان (خۆکوژی) تەنیا زیان بە خۆیان ناگەیەنن، بەڵکوو دوای ئەوان کاریگەریی زۆر نێگەتیڤ لەسەر خێزان و کۆمەڵگادا دەسەپێنن. بۆیە دەبێ ژنان هۆشیار بکرێنەوە لەسەر ئەو دیاردەیە و لێکەوتە و زیانەکانی خۆکوژییان بۆ شی بکرێتەوە. کار بکرێت بۆ نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی توندوتیژیی نێو خێزان. ئەویش بە دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەت بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان. بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست ژنان پەنای بۆ ببەن و هاوکات ڕێنوێنیکردنی ئەو کەسانەی کە باری دەروونییان جێگیر نییە و لە سەرووی هەموویان، پێشگیری و پاڵپشتیی خێزانییە لە ژن لەهەر هەلومەرجێکدا کە پێویستییان پێی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٠

## ژن و ژینگە



لە دنیای ئیمرۆدا دو بابەتی ژن و ژینگە لە ڕۆژەڤترین و پێویستترین باسەکانی ڕۆژن هەر بۆیە هەر کەس و لایەن و حیزب و دەوڵەتێک بە شێوەی جیدی و زانستی ئاوڕ لەو دو بابەتە بداتەوە ئەوا بەردەوام تێکەڵ بە نەوەی نوێ ئەبێ و هەروەها سەرکەوتن و دەسکەوت بۆ گەلەکەی، مرۆڤایەتی و داهاتوو مسۆگەر دەکات.

دیارە دنیای پیاو سالار لە ژێر ناوی قوتابخانە و ئیزمەکانی سەردەم و لە ژێر چەرخی شەمەندەفەری تیکنۆلۆژی و پیشەسازیدا پرسگەلی "ژن" و "ژینگە"ی چەواشە و فەرامۆش کردوە . تیکنۆلۆژی هەوسارپچڕاو و کێبەرکێ خواز بێجگە لەوەی دژی ئەو دو پرسە بە تایبەت ژنە، لە ژنان وەک ئەرتەشێکی نادیار لە هەڵسوڕانی چەرخی پێشەسازیدا کەڵکی ناتەندرووست وەردەگرێ. یەکێ لە زانایان پێی وایە کە پێشکەوتن و تیکنۆلۆژی هیچ دەسکەوتێکی بێجگە لە هەڵوشینی یەکێ لە کێشوەرەکان( قارە) بۆ مرۆڤایەتی بە دواوە نەبووە. بڕیارێکی لەو چەشنە کە دژی تیکنۆلۆژی ڕاوەستی حوکمێکی نابەجێیە و هیچ بەربەستێک ناتوانێ بەرایی ئەو ڕەوت و چەرخە بگرێ. ئەوەی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە کە ژنان دەتوانن بە وروژاندنی پرسی ژینگە و پرسی ژنان هەم یارمەتیدەرێک بن بۆ پاراستنی ژینگە و هەم نەبنە هۆکار و داردەستی بیرۆکەی فراوانخوازی پیاوسالاری. بە خوێندنەوەی زانستیانە و شۆڕبوونەوە بەناو ڕەهەندەکانی مێژوودا بۆمان دەرئەکەوێ کە ژنان زیاتر لە پیاوان ژینگەدۆست و زیندەوەرپارێز بوون.

ویل دۆرانت و ئۆلین ڕید لە کتێبەکانی" مێژووی شارستانیەت" و "دایک سالاریدا" بە وردی باسی پێوەندی ژن و سروشت کردوە. بۆ نموونە کۆی باسەکان ئەوەیە کە؛ ژنان لە پیاوانەوە فێری گۆشت خواردن بوون،ئەگینا لە کۆمۆنە سەرەتایەکاندا ژنان گۆشت خۆر نەبوون، پیاوان لە کاتی ڕاوکردندا بەچکەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان نەئەکوشت ،بەڵکوو لە گەل خۆیان دەیان بردەوە بۆ ماڵەوە،هەربۆیە بەخێوکردنی ئەکەوتە ئەستۆی ژنان. لەو قۆناخە بەدواوە لە سەر دەستی ژنان بەرەبەرە دەسەمۆ و لێنی کردن ئاژەڵان و پەلەوەران دەستی پێکرد. ژنان بە هۆی تێکەڵی سروشت، مێوە و گژوگیا خۆراکی و دەرمانییەکانی دۆزییەوە و کەڵکیان لێ وەرگرت. گۆزەگەری،ڕستن و چنین(نساجی )،چێشت لێنان و... بەرهەمی بیروهزری سروشت خوازانەی ژنان بووە. ژنان بە هۆی سروشتی ئاشتیخوازانە و ڕەفتاری نەرم ونیانەوە کەمترین خەساریان بە ژینگە گەیاندوە. بە گەشەسەندنی شارستانیەت بەرەبەرە ژنان دەسەڵاتیان بە سەر سروشت و کۆمەڵگادا نەما و تەنانەت لە ناو بنەماڵەشدا کەوتە پەراوێزەوە.

دوورکەوتنەوەی ژنان لە سروشت خەساری قەرەبوونەکراو ئاراستەی ژینگە بوویەوە.پیاوان بە هۆی سەرکێشی و بیری تاکخوازانەوە لە ڕێگای پیشەسازی و تیکنۆلۆژیاوە هێز و دەسەڵاتیان بە دەست هێنا و پاشان بۆ مانەوە لە سەر تەختی دەسەڵات بە چەکی کۆکوژ و ناوکی کەوتنە گیانی یەکتر و سروشت.ژنان لەو پرۆسە نالەبار و ناتەندرووستەدا نەپرسیان پێکراوە و نە ڕۆڵیان هەبووە تەنانەت ژنان و منداڵان زیاترین قوربانییەکانی دیاردەی شەڕ بوون ، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە بەشێک لە ژنانی خوێندەوار بە شێوەیەک لە شێوەکان پاڵنەر،یارمەتیدەر و سپای پێکهێنەری ئەو دۆخە بوون. ئەگەر باسەکە وردتر کەینەوە دەبینین کە بەشێک لە عیلم و زانستی مرۆڤایەتی بەرژەوەندی ژنانی تێدایە ئیتر بەشەکەی دیکە هەرچەن پێشکەوتنی بەرچاوی بە دەست هێنابێ بەڵام لە دژی ژنانە. زانستەکانی سیاسەت، فەلسەفە، ئابووری، سەربازی، مێژوو، یاسا، ئەدەبیات،تەلارسازی،شارسازی و،،، بە زۆری پیاو ڕەهەندانەیە و هەر ژنێک لەو بوارگەلەدا بڕوانامەی زانستی و ئاکادیمی بە دەست هێنابێ بە ڕاستی لە خزمەت بیری چەواشەکراوی پیاوسالاریدا بووە و بە بێ ئەوەی بە خۆی زانیبێتی بەردەوام بیری پیاوسالاری بۆ نەوەی نوێ دوپات و کاوێژ کردۆتەوە. ژنان ئەگەر لە بوارگەلی پزیشکی،ژینگەناسی،بیرکاری، هونەر،فیزیا،کیمیا و،،، پلەی بەرزی خوێندەواری بە دەست بێنن ئەوا دەتوانن هەم خزمەتێکی باش بە ژنان بکەن و هەم بە داتا و بەڵگەی زانستی بە گژ چەواشیەکارییەکانی پیاوان لە سیاسەت، ئابووری، مێژوو و،،، هتدا بچنەوە.

لە زۆرێک لە وڵاتاندا ژنان بە هۆی خوێندەواری تەندرووست توانیویانە مافی ڕەوا و ئینسانی بەدەست بێنن و تا ڕادەیەک ڕەفا و ئاسایشی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و،،، مسۆگەر بکەن. لە دنیادا دیاردەگەلی وەک پرسی ناوکی و ئۆتۆمی، کێبەرکێی ئابووری،دوجەمسەری،شەڕی دەروونی و بایۆلۆژی (کۆرۆنا وایرۆس) هێشتا بابەت گەلێکن کە مەترسی دوقاتن بۆ سەر ژنان و ژینگە. ژنان ئەگەر لە باسە لاوەکییەکان دوور کەونەوە و چڕ ببنەوە سەر پرسە ئورژانسییەکان ئەوا دەتوانن بابەتگەلی

وەک چەکی ناوکی،شەڕە بایۆلۆژی و دەروونییەکان و هتد،،، کە دەستی شاراوەی ئەهریمەنیە بەرتەسک بکەنەوە.

لە کوردستان دۆخی ژنان بە هۆکارگەلی زۆرەوە شپرزەیە. فمینیزم لە کوردستان کۆپی کراوی دەرەوەیە و خوێندنەوەی قوڵی زانستی لە پشت نیە. ژنان لەم سەردەمەدا زیاتر ئامرازی...

ستەمی دوقاتی دەسەڵاتەکان بوونەتەوە. ژنانی کورد بە گشتی و بە تایبەتیتر لە خۆرهەڵاتی کوردستان پێویستیان بە ڕێخستنی تۆکمە و بەربڵاو هەیە .بزاوی ژنانی ئەحزاب دەبێ لە بزاوی ژنانی ناوخۆ نزیک ببنەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن. ڕێخراوە ژینگە پارێزییەکانی خۆرهەڵات دەتوانن پاڵپشتێکی پیاوانەی ژن پەسەند بن. پرسی ژینگە لە لایەن ڕێخراوە ژینگەپارێزەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بە چڕی ورووژاوە و ئەوەش کۆدێکە بۆ بزاوی ژنانی خۆرهەڵات. ڕاسانی ڕۆژهەڵات گیانێکی نوێی بە بزوتنەوەی کورد لەو بەشەدا کرد و بە حوکمی ئەوەیکە جۆرێک یەکرێزی لە ناو ئەحزابدا پێکهێنا ئیتر ناتوانین ئە ڕاسانەوە بە موڵکی لایەنێک دابنێن.

لە پرۆسەی یەکدنگی ئەحزابدا هەموو لایەک بە پێی توانا ڕۆڵی هەبووە هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕاسان بە تەنیا لایەنێک جێبەجێ نابێ و ئەرکی هەموو لایەکە بە بیرۆکەی نوێ دەوڵەمەندی بکەن. ناوەندی ژنانی خۆرهەڵات وەک دەنگی هەموو ژنانی ئەحزابی ڕۆژهەڵات ناوەندێکە کە بە پێی فەلسەفەی وجودی بنەمایەکی دیموکراتیکی هەیە و ئەگەر بێجگە لە هێنانە ئارای مافەکانی ژنان پرسی ژینگەش تێکەڵ بە ڕەوت و کار و چالاکییەکانی بکا ئەوا بە شێوەی خۆڕسک دەچێتەوە سەر ریتمی ڕاستەقینەی ژیان.

**ژنان بە چەکی ژینگەپارێزی دەتوانن باسکی بەهێزی پیاوسالاری کە ژینگەی بەرەو وێرانی بردوە بشکێنێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

## شنە دروودگەر: ژنان چەخماخەی ڕاپەڕینی ئەم جارەیان لێی داوە و لە بەرنگاریبوونەوەی داگیرکەردا بوونەتە پێشەنگ



**هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی**

**ئاماژە:**

**سەرهەڵدانی ئەم جارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە، هەر وەک لە هۆکار و دروشمی ڕاپەڕینەکەدا دیارە، ڕاپەڕینێکی ژنانەیە و ژنان پێشەنگ و ڕۆڵگێڕی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەن، شرۆڤەکارانی سیاسییش ژنان بە ڕێبەر و بەڕێوەبەری ئەو ڕاپەڕینە دەزانن و بە شۆڕشێکی ژنانەی لەقەڵەم دەدەن و ئەمەش چوونەپێشی قۆناغێکی تری خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی سیاسی بەگشتی ئەژمار دەکەن.**

**ڕێکخراوەکانی تایبەت ژنانی ڕۆژهەڵات کوردستان ماوەی نزیک بە ٧ ساڵە (لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیەوە) بە مەبەستی کاری هاوبەش و کۆدەنگیی زیاتری ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوەندێکیان لەژێر ناوی "ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی**

کوردستان" پێک هێناوە کە هەم لە ئاستی کوردستاندا کۆمەڵێک کاری هاوبەشی باشیان کردووە و هەم لە ئاستی دەرەوەی کوردستانیشدا وەکوو نوێنەرایەتیی ژنانی ڕۆژهەڵات هەنگاوگەلێکی باشیان ناوە. لەم پێوەندییەدا و لەسەر ئەم پرسە، ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز شنە دروودگەر، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تویژەر و ڕێنوێنیکاری دەروونی لە قوتابخانە پێک هێناوە کە سەرەنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**کاروان مێراوی**: خاتوو شنە با سەرەتای وتووێژەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان لەسەر ئەم ڕاپەڕینەی کوردستان و ئێرانی سیاسیی هەنووکە چییە؟

**شنە دروودگەر**: مێژووی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هاوتەریب بووە لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەکەمان. هەمیشە ژنان لە کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی تێکۆشاون بۆ مافی یەکسانیخوازیی خۆیان، خەباتیان بۆ مافی نەتەوایەتییش کردووە و کاریان بۆ کردووە. ئەوی کە ئێستە لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ڕوو دەدات، ڕق و تووڕەیی ٤٣ ساڵەی حوکمڕانیی ڕێژیمی ئاخوندییە بەرانبەر بە ژنان و خەباتەکەیان لە ئێران و کوردستاندا. هەر وەک باسم کرد، ژنانی کورد بەردەوام پێشەنگ بوون و ئەم جارەش کوژرانی حکوومەتیی ژینایان کردووە بە دەرفەت بۆ بەرەنگاریی داگیرکەر و لە چەند کاتژمێرێکدا بوو بە شۆڕشێک کە هەموو ئێرانی تەنی و زیاتر لە مانگێکە درێژەی هەیە و تا هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی ئاخوندی، دانامرکێت. بۆیە لێرەدا و لەم قۆناغەشدا، دەبینین کە پێشەنگایەتییەکەی ئەم بزاڤە سەرانسەرییەش هەر ژنانن و تا بەئەنجام نەگات، ئۆقرە ناگرێت.

**کاروان مێراوی**: ڕۆڵی ژنان و بەتایبەت ژنانی کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا چۆن دەبینن؟

**شنە دروودگەر**: هەر وەکوو پێشتر باسم کرد، ئەگەرچی ژنی کورد بە درێژاییی مێژوو هاوتەریب خەبات بۆ مافی یەکسانی و نەتەوەییی خۆی کردووە و لە هەموو ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنانەی کە لە ئێران و کوردستاندا بەڕێوە چوون ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بەڵام ئەم جارە و لە شۆڕشی ژینادا، شریخە و چەخماقەی شۆڕشەکە لەلایەن ژنانی چاونەترسی کوردەوە لێی درا و بوون بە پێشەنگی ژنانی سەرانسەری ئێران.

**کاروان مێراوی**: دەزانین ئەم ڕاپەڕینە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک دەوترێت هەنووکە ژنانی کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئێرانی سیاسیدا دەکەن، بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟

**شنە دروودگەر**: ژینا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە لە پێتەختی ئێران و لەلایەن پۆلیسی بەناو ئەخلاقی ڕێژیمەوە شەهید

کرا. هۆکارەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو کە، ژینا سەرەتا بە هۆی "ژن"بوونی و دواتر بە هۆی "کورد"بوونیەوە (هۆکارە سەرەکییەکەی) شەهید کرا. بۆیە هەر وەک لە ڕابردوودا ئەزموون کراوە، نەتەوەی کورد بەرانبەر بە پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی بێدەنگ نەبووە. ئەم جارەش و بە هۆی ئەم غەدرە گەورەیەی کە لە ژینا کرا، ژنانی دلێری نەتەوەکەمان بێدەنگ نەبوون و هاتنە مەیدان. ئەویش بە یەکگرتوویی و پاڵپشتیی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان کە پیاوانن. ئەوەش بوو بە چەخماغەی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە مەزنە کە تا ئێستە و ٣٢ ڕۆژە بەردەوامە و هەتا دێت زیاتر ڕێژیم لە لێواری زبڵدانی مێژوو نیزیک دەکاتەوە.

**کاروان مێراوی: ئێوە وەک ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی باشتان لەتەک ڕێکخراوە و ناوەندەکانی تایبەت بە ژنانی نەتەوەکانی تری چوارچێوەی ئێرانی سیاسی هەیە و پێشتریش چەند ڕاگەیەندراوی هاوبەشتان بڵاو کردووەتەوە، لە ئێستەدا بەرنامەی هاوبەشتان بۆ ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەردەوابوونی ئەو ڕاپەڕینەدا هەیە؟**

**شنە دروودگەر:** سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانی نەتەوکانی دیکەی ئێران، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە بەردەوام لەگەڵیان لە پەیوەندیدا بووین و هەر پرسێک و مژارێک کە پێوەندیدار بووبێت بە ژنان و تەنانەت مژارە گشتییەکانیش، پێکەوە ڕاوێژمان کردووە و ڕاگەیەندراوی هاوبەشمان بووە و بەردەوام پاڵپشتیی یەکتر و هاوئاهەنگ بووین. بۆ ئەم ڕاپەڕینەش بەدڵنیاییەوە بەردەوام لە پێوەندیداین و هەموو لایەکمان لەسەر خەتین بۆ هاوئاهەنگی و ڕێکخستینی زیاتر لە ڕاستای بەرنامە و پلانە تایبەتەکانمان بۆ داهاتووی ڕاپەڕین و ئێران.

**کاروان مێراوی: ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات چ هەنگاوگەلێکی بۆ ڕاکێشانی سەرەنج و پاڵپشتیی ناوندە جیهانییەکانی تایبەت ژنان بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟**

**شنە درووودگەر:** ئێمە وەکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی خۆمان داوە کە ببین بە دەنگی ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ دنیای دەرەوە و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و لە ڕێگەی نوێنەرەکانمانەوە لە وڵاتان، هەروەها لە ڕێگەی نوسراوەوە داوای پاڵپشتیمان کردووە بۆ ژنان و خەڵکی کوردستان و ئێران، لەو پێوەندییەشدا تا ئەو جێگەیەی کە لە توانامانددا بووە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لە شۆڕشی ژینا و دۆخی ئێران و کوردستان، ئاگادار کردووەتەوە.

**کاروان مێراوی: ئاسۆی ژنانی ئێرانی سیاسی و بەتایبەت ژنانی کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا چۆن دەبینن؟**

**شنە درووودگەر:** ئەم ڕاپەڕینە لە سەرەتاوە بە پێشەنگایەتیی ژنان بووە. ئەو پێشەنگایەتییەش بە دروشمی "ژن، ژیان،

ئـازادی" درێـژەی هەیە و بەخۆشـیەوە هەر زوو سـنوورەکانی کوردسـتان و ئێرانـی تەنـی و هەمـوو دنیـای گـرتەوە. چـونکە لەڕاستیدا ژن سەرچاوەی ژینە و ژینیش بەبێ ئـازادی واتـای نییە. بـۆیە من زۆر گەشبینم بە سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و کۆتاییهێنان بە زوڵم و داگیرکارییە.

**کاروان مێراوی**: **ئێوە وکوو ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیوتانە لە ئاستی پێویستدا هێز و چالاکیی ژنانی کورد لەم ڕاپەڕینەدا بە جیهانی دەرەوە بناسێنن؟**

**شنە دروودگەر**: وەکـوو ناوەنـدی ژنـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەر لە سەرەتـای سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینەوە، پشـتیوانیی خۆمـان بـۆ ئەم شۆڕشـە مەزنە ڕاگەیانـد. هەر لە ڕاگەیانـدن و پسـتیوانیکردن لە مانگرتنەکـان بگـرە، هەتـا بەشـداریکردنی ئەندامەکانمان لە مانگرتن و ڕژانە سەر شەقامەکان، جـا چ لە نێوخـۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵاتـدا. هەمـوو ئەمـانەش بە ئامادەکاری و هاوئاهەنگی بووە لەگەڵ ناوەند و ڕێکخراوەکانی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

**کاروان مێراوی**: **خاتوو شنە دروودگەر، سپاس کە کاتتان تەرخان کرد و لەم وتووێژەدا هاوکارمان بوون، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ باسکردن یان هەر پەیام و قسەیەکتان هەیە بفەرموون.**

**شنە دروودگەر**: سپاس بۆ ئێوە و بە هیوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەمان بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێر و چاونەترس.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێران



نێر و مێ، دوو ڕەگەزن کە پێکهێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەموو خێزانەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەن. هەر تاکێکی ئەم خێزانانەش وەک یەکێک لەو رەگەزانە، رۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ ئەوەی خێزان و بە گشتی کۆمەڵگەکەیان تەندروست و پێشکەوتوو بێ، دەبێ سادقانە فیداکاری بۆ گێڕانی رۆڵ و ئەرکی خۆیان بکەن و لەو پێناوەدا تێبکۆشن. جا ئەو تاکە چ پیاوی خێزان بێ، چ ژنی خێزان بێ، چ کچ یا کوڕ و... هتد بێ.

کەواتە نەتیجە دەگرین کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەردوو رەگەزی نێر و مێ، واتە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە ڕۆڵییان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەپێچەوانەکەشی، ئەگەر بێت و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستن، زیان و خەساری گەورە بە کۆمەڵگەی خۆیان دەگەیەنن.

لێرەدا ئەگەر بمانهەوێ دیمانەیەک لە رۆڵی راستەقینەی ژن لە خێزان و کۆماڵگەدا وێنا بکەین، دەبینین و دەردەکەوێ کە ژن چەندە دەتوانی شوێندانەریی هەبێت لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆماڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەدا. بەڵام ئایا ڕەگەزێ

ژن کە خاوەنی ئەو باندۆر و کارتێکەرییە مەزنە-یە، لە بەڕێوەبردن و گێڕانی رۆڵی خۆیدا درێغی کردووە؟ یا ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ گەیاندوە؟

مێژووی مرۆڤایەتی سەلمێنەری ئەو راستییە-یە کە ژنان لە سەردەمانی جۆراوجۆر و قۆناغە هەستیارەکانی مێژوودا رۆڵ و کاریگەری زۆر ئەرێنییان لە بنیاتنان و تەنانەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەبووە و تەنانەت چەندین شۆڕشی وەکوو «بزووتنەوەی ئیستێر» کە بۆ سەربەخۆیی ئیرلەند لە بریتانیا و لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی رێکخرا، لەلایەن "کێنستانس مارکیۆویچ"ەوە رێبەری کرا. یا ساڵی ١٩٥٢ بزووتنەوەی ناسراو بە "٢٦ی مانگی مەی" لە کووبا و لەلایەن «سێلیا سانچێز» رێکخرا(ئەگەر چی لە مێژووی شۆڕشی کووبادا ناوی کاڵ و بزرە) کە هاوکات بوو لەگەڵ بەرخۆدانی کاسترۆ و چێگوارا. یا خود «ئەسما مەحفووز» کە توانی لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی و لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی گەورە لە قاهیرەی پێتەختی وڵاتی میسر رێکبخات و بە ملوێنان خەڵک بێنێتە مەیدانی تەحریری ئەو شارە. یا خود مینا قازی موحەممەد(هاوسەر پێشەوە قازی موحەممەد) و حەپسە خان و لەیلا زانا و بە دەیان و سەدان ژنی دیکە کە ژنانی لێهاتوو و خاوەن بەهرە بوون و بەداخەوە بەهۆی ژێردەستەیی نەتەوەی کورد، لە لاپەرەکان و پێڕستەکانی ژنانی گەورەی جیهاندا بزر بوون.

واتە ڕەگەزی ژن لە رابردوودا جیا لەوەی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا زۆر بە باشی ئەرک و رەساڵەتی خۆی بەڕێوە بردووە، لە نێو خێزانیشدا ئەرکی پەروەردە کردن منداڵ و نەوەی نوێی زۆر بە باشی بەڕێوە بردووە، بۆیە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لە رابردوودا خاوەنی وەها ژنانێکی زیرەک و لێهاتوو بوون کە توانایی شۆڕش و ئاڵووگۆڕیان لەسەر ئاستی وڵاتان و ناوچە و تەنانەت جیهان بووە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک زەق دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە بۆچی لە ئێران و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە گشتی وڵاتانی جیهانی سێهەم، ژن بەشارووماندی پلە دووی کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ؟

لە وڵاتانی دواکەوتوو و جیهانی سێهەمدا کە وڵاتی ئێرانیش لەخۆ دەگرن، ژن بە هاوڵاتی پلە دوو هەژمار کراوە و سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین ماف و نرخی بۆ دانراوە، بگرە بە مرۆڤێکی کەم و کاڵا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دەکرێ.
ڕێژیمی دواکەوتووی ئیسلایمی لە ئیران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری روانگەی ڕەش و ناوەرۆکی بۆگەنی خۆی بەرامبەر بە پرسی ژن لە ئێرانی نیشان دا، بە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵات، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک مافی لە ژن زەوت کردن، بگرە کۆمەڵێک «قەید و بەندی» بۆ ژن دانا کە ژنی لە نیوەی زیندووی کۆمەڵگە و خێزانەوە کرد بە کۆیلە و کاڵای دەستی دارێژەرانی یاسای رژیمی ئیسلامی و تا ئێستاش لە هەموو مافەکانییان بێ بەشن.

ڕێژیمی پیاوسالاری ئیسلامی لە ئێران هەر لەسەرەتای سەپاندنی خۆی بەسەر وڵاتدا، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی «یا روسری یا توسری» کەوتە سەرکوتی ژن لە ئێراندا، کە لە یاسای ڕێژیمدا بە زەعیفە و نیوەی ڕەگەزی نێر پێناسە کراوە. بەڵام غافڵ لەوەی کە ژن یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆنی مەلاکانە کە لە ڕاستیدا بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنن(نارێکخراو) کە لەکاتی خۆیدا دەتوانن ببن بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەواوییەتی ڕێژیم.

نموونەی هەرە زیندوو بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، شۆڕشی "ژینا"یە. شۆڕشێک کە لەلایەن ژنی کوردەوە ڕێک خرا و سەرەڕای ئەوە کە زیاتر لە ٩٠ ڕۆژە بەردەوامە، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان و ئێرانی گرتۆتەوە بە هەموو نەتەوەکانییەوە.

دەبینین کە سەرەڕای سەرکوتی زۆر توند و بێبەزەییانەی ڕێژیم و هاوکات پێشکەشکردنی سەدان شەهید و هەزاران بریندار و دەیان هەزار دەستبەسەر کراو، ئاگری شۆڕشی ژنان هەر بڵێسەی هەیە و ئێستا ئیدی شۆڕشی تایبەت بە ژنی کورد نییە و بووە بە شۆڕشی هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا "شۆڕشی ژینا"



**لە بەرەبەری ٢٤ی ڕەشەمە و ٧٧ ساڵ تێپەڕین بەسەر دامەزراندنی یەکەمیین ڕێکخراوی ژناندا لەلایەن پێشەوای مەزن قازی محەمـمەد و هـاوژینی خـاتوو مینـا ئەسـکەندری لەلایەن گۆڤـاری «ژنـان»ــەوە دیمانەیەکمـان لەگەڵ خاتوونـان شنەدرووودگەر و موژگان عەلیپوور سکرتێر و ئەندامی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ**

**شەهلا حاجی ڕەحیمی**: ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانەدا تێدەپەڕێ و هەتا ئێستا ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر پێ بووە، بەبڕوای ئێوە کاری ئەو کاتی بەڕێوەبەران و پێکهێنەرانی ڕێکخراوەیەکی ئاوا کە ژنان بێنێتە گۆڕەپانی ژیان و لەماڵێیان بێنێتە دەرێ چ سەختی و ئاستەنگەلێکی بووە؟

**شنە درودگەر**: بە بڕوای من لە ڕوانگەی پێشەوا قازی محەممەدەوە، زەروورەتێکی جڤاکی بووە بۆ ئەو سەردەمە، واتە ٧٧

ساڵ لەوە پێش، کە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان دامەزرێنن.

چونکە کۆمەڵگەیی کوردی لە ٧٧ ساڵ پێش ئیستادا، کۆمەڵگەیەکی تەواو پیاو سالار و سوننەتی بووە و ژنان تێیدا هیچ شارەزایی و ئاشنایەتیەکیان لەسەر مافە سەرتایەکانی خۆیان نەبووە.

لەڕاستیدا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژناندا، جیهانبینی تێگەیشتنی وڵاتانی پێشکەوتوو گەیشتبوو بەو ئاستە کە، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە بە بێ بەشداری ژنان ئەستەمە. هەر بۆیە لە کۆماری کوردستانیش دەرک بەو واقعییەتە کراوە یەکیەتیی ژنان دامەزراوە تا بتوانێ لەو سەردەمەدا ژنانی کورد لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و وەکوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی سەردەم، لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ئاشنا بکات و چیدی ژن لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵدا قەتیس نەکرێتەوە.

ئەو هەنگاوەی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد لە ڕاستیدا وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کورد و ئێراندا، چوونکە  نیزیک بە ١٧ ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژنان، حکوومەتی رەزا شا مافی دەنگدانی لە ئێران بە ژن دا.

بۆیە بە بڕوای من دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بوو بە بنەمایەک بۆ هاتنەدەری ژنان لە بازنەی ماڵەوە و هاوکات ئاوێتەبوون بە جیهانی کار و سیاسەتدا. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ژنانێکی بوێر و کاریگەر سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، ژنانی کورد گەیشتن بەو ئاستە کە جگە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە شوێنە ئیداری و گەشتیارییەکاندا کار بکەن و تەنانەت وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە و لە نەخۆشخانەکاندا کاری پەرەستاری بکەن تەنانەت لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بنووسن و پەنجە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن.

**شەهلا حاجی ڕەحیمی: بەبڕوای ئێوە لەم سەردەمەی ئێستادا ڕێکراوی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لەو شۆڕشەدا کە بەناوی شۆڕشێکی ژنانە و شۆڕشی ژینا ناسراوە، توانیوێتی هاوسەنگ لەگەڵ ویست و خواستی ژنانی کوردستان و ئێران جێی خۆی لەنێو ئەواندا بکاتەوە؟ و تا چەندە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟**

**شنە درودگەر**: ڕێکخراوەیی یەکیەتی ژنان بە درێژایی تەمەنی پر لە فەخر و شانازیی خۆی، کە پێی نایە ٧٧ـەمین ساڵی دامەزرانییەوە، وەکوو یەکەمین ڕێکخراوەیی مۆدێرن و سازماندراو لە سەردەمی خۆیدا دێتە ئەژمار. دەتوانم بڵێم دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە، بنەما و دەسپێکی خەباتی ژنان لە کوردستانی رۆژهەڵاتە.

بە بڕوای من ئەو خەباتەی کە ئیستاش ژنان درێژەی دەدەن و بەڕێوەی دەبەن، درێژەی ئەو خەباتەیە کە ٧٧ ساڵ لەوە پێش بەردی بناغەی بۆ داندراوە و مەیدانداری بۆ کراوە.

کەوابوو، ئەو ڕابردووە دوور و درێژ و پڕ ئەزموونەیە وای کردووە کە، لەم قۆناغەی خەبات کە ژنانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران تێیدا دەجەنگن، ژنی کورد بە چاونەترسی و ئاگاهییەوە، پێشەنگایەتی شۆڕش بکات و زیاتر لە هەرێمەکانی دیکەی ئێران بێتە مەیدان و داوای مافی خۆی بکات و لەو پێناوەشدا بێ باکانە قوربانیی بۆ بدات.

دەمهەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە، ڕاستە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان لەم قۆناغەی شۆڕشدا، واتە لە شۆڕشی ژینادا، لە ناوخۆ و بە شێوەی فیزیکی حزووری نیە، بەڵام هۆکار و پاڵنەر بووە لە بردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیری ژنی کورد و هەر ئەوەش وایکردووە کە ژنانمان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا و تەنانەت لە کاری ڕێکخراوییدا، سەروگەردنێک سەروی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانییان هیچ ئاستەنگێک نەتوانێ هەنگاویان پێ شل بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣

## شنە درووگەر: هیوادارم بانگەوازی هاوبەشی ٦ حیزبەکەی ڕۆژهەڵات، ببێت بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا پشتیوانی و بەشداری لە شۆڕشی ژینادا بکەن




ئەوە لە یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە. بەم هۆیەوە ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانان، ٦ حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بانگەوازێکی هاوبەشیان بۆ مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان بڵاو کردەوە. بۆ تاوتوێی ئەم و بابەتە و چەند باسێکی تر، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز "شنە درووگەر"، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا.

**قەندیل پرێس**: ئەوە لە یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، لە ئێستادا دۆخی سیاسیی ئێران بە گشتی و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی چۆن دەبینن؟

**شنە دروودگەر**: لە ئێستادا کە تەنیا چەند ڕۆژمان ماوە بۆ ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی (ژینا)، دۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خراپیی خۆیدایە. لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بشێویی تێکەوتووە و بۆی کۆ ناکرێتەوە. لە بواری نێوخۆییدا دەبینین کە برسێتی و هەژاری و هەڵاوسان پشتی خەڵکی شکاندووە و هەموو هەوڵ و تەقەلای خەڵک بە درێژایی ڕۆژ، تێرکردنی سکی خۆیانە. لەلایەکی دیکەوە گرانی و کەمبوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانە لە بازاڕەکاندا، تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، خەفەقان و زەبروزەنگ و سەرکوت بەرامبەر بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ، ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئێرانی بەرامبەر بە ڕێژیم ڕقئەستوورتر کردووە.

لە بواری دەرەکییەوە دەبینین کە ڕێژیم بە تەواوی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا تەریک کەوتووە و ئیزۆلە بووە. کۆماری ئیسلامی هیچ متمانەیەکی لە ناوچە و جیهاندا نەماوە. هیچ وڵات و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی باوڕی پێ ناکەن. هەروەک چۆن لە پرسی پیتاندنی ئورانیۆم و پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆ و تێرۆریستییەکاندا لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا درۆ و ناپاکیی کرد، ئێستاش دەرکەوتووە کە بە دانی درۆن و مووشەک و تۆپ و دەیان جۆری دیکەی چەک بە ڕووسیا، ڕاستەوخۆ لە شەڕی ئۆکراین گلاوە و لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی ئۆکرایندا بەشدارە.

تەنانەت لەم چەند ڕۆژەدا دەرکەوتووە کە بە ناردنی زرێپۆش و تۆپخانەی قورس و دەیان جۆر چەکی دیکە بۆ ئەرمەنستان، ئاگری شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان خۆش دەکات.

لە سووریەش دەبینین کە لەلایەک چۆن ئاگری شەڕی تایفیی لە دێرەزوور خۆش کرد، بەڵام بۆی نەچووە سەر و شەڕەکە کۆنترۆڵ کرا و لەلایەکی دیکەوە، خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، لە دژی حکوومەتەکەی خۆیان و دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەکەن. لە عێراقیش دەبینین کە لە ڕێگەی حەشدی شەعبی و دەستوپێوەندییەکانییەوە هەموو هەوڵی ئەوەیە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان تێک بدات و شەڕی تایفی و مەزهەبی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە خۆش بکات، کە من پێم وایە لێرەش بۆی ناچێتە سەر، هەر وەک لە یەمەنیش بۆی نەچووە سەر و یەمەنی لە ڕووی هەژموونەوە ڕادەستی عەرەبستانی سەعوودی کرد. ئەو جیا لەو هەموو مووشەک و درۆن و تۆپبارانانەیە، ڕاستەوخۆ خەریکی پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانە.

کەوابوو هەم لە ڕووی نێوخۆیی و هەم لە ڕووی دەرەکییەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخان و نەماندایە. بەڵام لێرەدا ئەوەی کە بەشێکی پرسیارەکەتانە و من دەمهەوێ لەسەری بدوێم، دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. کوردستانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەی کورد، بە بڕوای من چەند پلە لەپێشە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە و ناوچەکانی دیکەی ئێران. بۆ؟

چونکە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد نەچووە ژێر باری ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و ناوەندگەرایە و قۆڵی خەبات و بەربەرەکانێی لێ هەڵماڵی. واتە بە درێژایی تەمەنی خۆی، کۆماری ئیسلامی وەکوو خاکێکی داگیرکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردستان کردووە و لە ڕاستیدا کوردستانی بە زەبری پووتین و ئاگر و ئاسن ئیدارە کردووە. ئەوەش بووە هۆی ئەوە خەڵکەکەمان خۆڕاگر و شارەزای شێوەکانی خەبات لە دژی ڕێژیم بن و هەم حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ببنەوە خاوەن هێز و بەم شێوەیە بتوانن ببنە خاوەنی ڕێکخستنی تۆکمە کە دەبینین چلۆن بە بانگەوازێک هەموو دووکان و بازاڕەکانی کوردستان دادەخەن. جا لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم تایبەتمەندییانەی کە لەسەر کوردستان باسم کردن، بوونەتە هۆکار کە هەموو نەتەوە و دانیشتوانی ئێران لە ئێستادا چاو ببڕنە کوردستان و حیزبە کوردییەکان و بۆ بەشداری لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، کوردستان و نەتەوەی کورد بکەن بە ئەزموون بۆ بەشداریی چالاکانە و زیاتریان لە فازی نوێ و دووهەمی شۆڕشدا.

بۆیە بە بڕوای من بەستێن بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە ڕووخاوە و تەنیا هێزی سەرکوتی ماوە لەسەر شەقامەکان. هێزێکی ماندوو و برسی کە لە ڕووی داراییەوە لە دۆخێکی خراپدان. هێزێک کە درزی تێکەوتووە و دەسەڵاتدارانی نیگەران کردووە کە ڕەنگبێ چیدی خەڵکمان بۆ سەرکوت نەکەن. هەر بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو خامنەیی دانیشتنێکی لەگەڵ فەرماندەکانی سپا هەبوو و لێیان دپاڕایەوە کە دەبێ هەوڵ بدەن نەخزێن و خۆڕاگر بن. بەڵام خاڵی گرینگ و یەکلاکەرەوە ئەوەیە کە دەبێ ڕێکخستن بۆ ڕووخانی لەسەر ئاستی هەموو ئێران بکرێت.

**قەندیل پرێس**: ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانان، ٦ حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتن لە ٢٥ی خەرمانان بانگەوازێکی هاوبەشیان دەرکرد. بە ڕای ئێوە ئەم بانگەوازە هاوبەشە چ کاریگەرییەک لەسەر بەردەوامبوونی شۆڕشی ژینا و وره و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵات دادەنێ؟

**شنە دروودگەر**: لە ڕوانگەی منەوە کاریگەریی باشی بوو. بە دوو هۆکار:

**یەکەمیان**؛ ئەوە بوو کە هەندێک لایەن ناویان لەو بانگەوازەدا هاتبوو کە یەکەمجارە لە وەها بانگەوازێکدا بەشدار دەبن و ئەوە بۆ خۆی هێما بۆ یەکدەنگییەکی گشتیی کوردە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات.

**دووهەمیان**؛ ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو یەکدەنگییەیە لەسەر خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەڵات و کۆی جوغرافیای ئێران بە هەموو نەتەوەکانەوە. بێگومان ئەو کۆدەنگییە دەبێتە مێتۆدێک بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراو و حیزبەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و

هاوکات پەیامێک بوو بۆ هەموو لایەنێکی ئێرانی کە ئاگادار بن کوردستان لە ئامادەباشیی تەواودایە و زەرفییەت و کاریگەریی باشی لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا دەبێت.

**قەندیل پریس**: ئەم بانگەوازە هاوبەشە چ کاریگەرییەک لەسەر پەیوەندی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێ؟ پێتان وایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک؟

**شنە درووددگەر**: بێ شک هەر ئێستا و لە یەکەم بانگەوازی لەم چەشنەدا کاریگەریی ئەرێنی خۆی بوو و ڕەهەندە بەهێزەکانی کاریگەریی لەم چەشنە بانگەوازانە لە داهاتوودا دەردەکەوێ. چوونکە عەرزم کردن قەت هەنگاوی لەم چەشنە نەهاوێژراوە. لایەنی سیاسیی تێدا هەیە کە یەکەمجاریانە لە وەها پرسێکی نەتەوەییدا بەشدارن. من هیوادارم و پێموایە ئەو هەنگاوە ببێ بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان کۆ بکاتەوە و لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا پشتیوانی و بەشداری لە شۆڕشی ژینادا بکەن و بەرەوڕووی سیاسەتەکانی ڕێژیم ببنەوە.

**قەندیل پریس**: ئێوە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ژینادا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شنە درووددگەر**: ڕاستە شۆڕشی ژینا دەرەنجامی سیاسەتی غەڵەتی ئیداری و ئابووریی کۆماری ئیسلامی بوو کە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستانی وەزاڵە هێنابوو و ستارت یان جەرەقەیەکی پێویست بوو کە شۆڕش بتەقێتەوە. ئەوەبوو کە شەهید ژینایان ئاوا مەزڵوومانە بێکەسکوژ کرد. بەڵام من پێموایە کە حیزبی دێمۆکرات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ عامل یان هۆکاری سەرەکیی شۆڕش بوو. کاریگەریی ناڕاستەوخۆ ئەوە بوو کە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات تازە وەسەر یەک خرابوونەوە و ئەو یەکگرتنەوەیە (کۆمەڵەش بەرەو یەکگرتنەوە دەچوو) کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی گەشاندبۆوە و ئامادە بوون هەموو فیداکاری و گیانبازییەک لە پێناو حیزب و نەتەوە و نیشتمانەکایاندا بکەن.

کاریگەریی ڕاستەوخۆش ئەوە بوو کە دەستبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنی ژینا و ئاڵۆزبوونی دۆخی شاری سەقز، حیزبی دێمۆکرات لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانییەوە دەستبەکار بوو و شۆڕش دەستی پێ کرد تا هەموو شەقامەکانی کوردستانی گرتەوە و "ژن ژیان ئازادی" و "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بوون بە دروشمی شەقامی کوردی و دواتر دیتمان کە هەموو ئێرانی تەنی.

**قەندیل پریس**: ئێوە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵی خۆتان لەم شۆڕشەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شنە درووددگەر**: ئێمە وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵمان داوە کە بارتەقای تەمەن و متمانەی

ڕێکخراوەکەمان کە لەگەڵ تەمەنی حیزبی دێمۆکراتە، کاریگەریمان لەسەر شۆڕشی ژینا هەبێت. هەر لەو ڕاستایەدا ئێمە سەرەتا ڕێکخستنەکانمان لە نێوخۆ وەگەڕ خست تا بە بەشداریی چالاکانە لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بن. ڕێکخستنەکانمان ڕاسپارد کە ژنان بە لیباس و هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بەشداری بکەن و لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی شۆڕشدا بەشدار بن و هەتا بۆیان دەکرێ بنەماڵەی شەهیدان بەسەر بکەنەوە.

پاشان هەر لە ڕاستای وەگەڕخستن و سەرخستنی شۆڕشدا بە دەیان کۆبوونەوە و سیمینارمان لەسەر ئاستی کوردستان و سەرانسەری ئێران پێک هێناوە کە دوایین کۆنفرانسمان چەند ڕۆژ لەوە پێش لە وڵاتی نۆرویژ گیرا و نوێنەری نەتەوەکانی بەلووچ و ئازەری و فارس و سکرتێر و جێگری ڕێکخراوی ژنانی ئینێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تێیدا بەشدار بوو و لە پانێلی جۆراوجۆردا لێدوانیان لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دا.

**قەندیل پرێس**: وەک خۆتان چ پێشبینییەک بۆ داهاتووی ئەم شۆڕشە دەکەن؟

**شنە دروودگەر**: ئێمە پێمان وایە شۆڕش سەردەکەوێ. کۆماری ئیسلامی هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات، بەڵام پێم وایە کرۆڵ بووە و بەرگە ناگرێ و لە کۆتاییدا شۆڕش سەردەکەوێ. هیوادارم بتوانین لە دوای نەمانی ڕێژیم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ڕێگە نەدەین جارێکی دیکە شۆڕشی گەلانی ئێران بەتاڵان ببردرێت و ئەمجارە سیستمێکی سیاسی و ئیداری بێتە دامەزراندن کە هەم خەڵکی بێت و هەم دونیاپەسەند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## گرینگیی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی



هەروەک دەزانن دۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خراپی خۆی دایە و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بشێوی تێکەوتووە و ڕێژیم بە تەواوی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. بەڵام هەر سوورە لەسەر مانەوە و درێژەدان بە حوکمڕانییە سەدە ناوەڕاستییەی خۆی.

ئێستا و لەو شپرزەییەی کە بەرۆکی بە ڕێژیم گرتووە با تاوتۆیەکی کورتی دۆخی نێوخۆیی و دەرەکی ئێران بکەین.

لە دەرەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمدا، دەبینین کە لە نێوخۆی ئێراندا لە لایەک برسییەتی و هەژاری و هەڵاوسان پشتی خەڵکی چەماندووە و لە لایەکی دیکەوە گرانی و کەمبوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی وەک دەوا و دەرمان و شتی دیکە لە بازاڕەکاندا، تەنگی بە خەڵک چنیوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، زەبر و زەنگ و سەرکوت بەرانبەر بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ، ئەوەندەی دیکە خەڵکی

ئێرانی بەرامبەر بە ڕێژیم تورەتر و ڕقئەستوورتر کردووە.

هاوکات لە بواری دەرەکیدا دەبینین کە ڕێژیم بە تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تەریک کەوتووە و ئیزۆلە بووە.

کەوابوو هەم لەڕووی نێوخۆیی و هەم لەڕووی دەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخان و نەماندایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا و لە دوایین پەلەقاژەکانی خۆیدا، هەتا بۆی بکرێ یەکریزی و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران کە لێی بووە بە مۆتەکە تێکیدەدا، چونکە دەزانێ کە ڕەنگە بتوانی سەرکوتی کورد یا بەلووچ یا عەرەب یا ئازەری بکات و بانگی ئازادیخوازییان کپ بکات، بەڵام دڵنیایە کە ناتوانی دەنگی هەموویان بەیەکەوە کپ بکات. دەزانێ هەموویان بەیەکەوە دەتوانن ببن بە شەپۆلێک کە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی تێکەوە بپێچی و ڕایماڵێ.

ئێستا پرسیارێک دێتە پێش. ئەویش ئەوەیە کە ئێران دەتوانێ یەکگرتوویی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران تێک بدات؟ گەلۆ نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران گەیشتوون بەو ئاستە تێگەیشتوویی و هزری نەتەوی و سیاسی، کە ئەو یەکگرتووییە دروست بکەن و بیپارێزن؟
مێژووی نیزیک بە هەشتا ساڵی ڕابردوو لە ئێران، لەو پێوەندییەدا هەندێک ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەکا و دەسەلمێنێ.

ئەو مێژووە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نەتەوەی کورد نیزیک بە سەد ساڵە خەبات و تێکۆشان بۆ ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکات و لە پێناو ئامانجەکانیدا بە دەیان هەزار قوربانی داوە.

هاوکات ئەو مێژووە ئەوەش دەسەلمێنێ کە تۆشەی خەباتی گەلی کورد پڕە لە دەسکەوت و ئەزموونی تاڵ و شیرین کە بوون بە سەرمایە و سەنگەرێک کە پشتمان پێوە داوە و وزە و هێزی پێداوین بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان. ئەو تۆشە و دەسکەوت و ئەزموونانەی کە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەیانبووە و بەداخەوە تێگەیشتنی سیاسی و هزری باوڕبەخۆبوونییان لە ئاست کورد دا کەمترە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەی کورد، بەبڕوای من چەند پلە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە پێشە. چوونکە چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و چ لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد نەچوو ژێرباری ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و ناوەندگەرایانە و قۆڵی خەبات و بەربەرەکانی لێ هەڵماڵی. لە بەرانبەر بانگی ئازادیخوازی گەلی کوردیشدا، ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕی پەهلەوی و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیش بە درێژایی تەمەنی خۆییان، وەکوو خاکێکی داگیرکراو



سەرچاوە
Serchawe

هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کوردستان و نەتەوەی کورد کردووە و لەڕاستیدا کوردستانیان بە زەبری باتۆم و ئاگر و ئاسن ئیداری کردووە.

ئەو ڕابردوویە تاڵە لە سەرکوت و قەڵاچۆکردنە. گەلی کورد کە تەژییە لە ئەزموون بۆ خەبات، هەم بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکەمان خۆڕاگر و شارەزای شێوەکانی خەبات لەدژی ملهۆڕەکانی ناوەند بن و هەم حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ببنەوە خاوەن پێگە و هێز لە کوردستان و بەم شێوەیە بتوانن ببنە ڕێکخراوی تۆکمە کە دەبینین چلۆن بە بانگەوازێک هەموو دوکان و بازاڕەکانی کوردستان دادەخەن. ئەم تایبەتمەندییانەی کە لەسەر کوردستان باسم کردن، بوونەتە هۆکار کە هەموو نەتەوە و دانیشتوانی ئێران لە ئێستادا چاو ببڕنە کوردستان و حیزبە کوردییەکان و بۆ بەشداری لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، کوردستان و نەتەوەی کورد بکەن بە نموونە بۆ بەشداری چالاکانە و زیاتریان لە فازی نوێ و دووهەمی شۆڕشدا.

بەڵام ئەو تۆشەی خەباتە کە گەلی کورد و کوردستان هەیانە، بە بڕوای من نابێ تەنیا بۆ کوردستان تەرخان بکرێت. بەڵکوو دەبێ کورد هەوڵ بدات لە ڕێگای حیزب و ڕێکخراو و ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە، لە پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکخستنی وزەی هەموو نەتەوەکانی ئێران، ڕۆڵ ببینێ تا هەموویان بەیەکەوە کاریگەریان لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران و داهاتووی نەتەوەکانی کورد و تورک و فارس و بەلووچ و عەرەب و  بە گشتی هەموو حەشیمەتی بەبارمتە گیراوی ئێران هەبێ.

نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران دەبێ خەبات و تێکۆشانییان پەرە پێ بدەن و لەمە بەدواوە دەست لەنێو دەستی یەک بەرەورووی دیکتاتۆری ئیسلامی لە ئێران ببینەوە.
ئەو جیهانبینی و لۆژیکە، قوڵایی ستراتێژی کورد و لەسەرووی هەموویان حیزبی دێموکرات بووە و لەو پێناوەشدا هەنگاوی باشی هەڵهێناوە.

ئەو بانگەوازەی کە ٦ لایەنی کوردی بۆ مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان بۆ ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان درا، نموونەیەکی دیکە لە پێشکەوتنی نەتەوەی کوردە لە ڕووی هزری سیاسی و باوڕبەخۆبوونییەوە بوو. چوونکە هەموو نەتەوەکانی ئێران دووبارە بۆیان دەرکەوت کە دەبێ بۆ ڕزگاربوون خۆیان و بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم ڕێژیمە گەندەڵە، یەکگرتوویی کورد بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ یەکگرتنی هەموو گەلانی ئێران ببینن.
ئێمەش وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی نیزیک بە ٨٠ ساڵەی خەباتمان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەیە.

ئێمەش لە ٨ دەیەی خەباتماندا، ڕاستە هەوراز و نشێوی زۆرمان بینیوە، بەڵام هاوکات ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنی خۆمان لەسەر بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران هەبووە.

ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژناندا بخشێنین، دەبینن کە جگە لە خەباتی مەدەنی و خەبات بۆ مافەکانی ژنان و تەنانەت خەباتی چەکداری شان بە شانی برا پێشمەرگەکان لە هێزە سیاسییەکاندا، لە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و پێوەندی لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەنگاوی باشمان هاویشتووە.

ئێمە وەکوو یەکیەتیی ژنان پێمانوایە کە ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانمان کە بارتەقای ئەو مێژووە پڕ لە شانازییەی کە هەمانە، بەو ڕادەیەش لەسەر ئاستی ژنانی ئێران و بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا/مەهسا-دا ڕۆڵ و کاریگەری خۆمان هەبێ. هەر بۆیە بڕیارماندا کە لە بە بەرەبەری هاتنی ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، وەکوو یەکەم هەنگاوی هاوکاری و پێکەوە تێکۆشانی ژنانی سەرانسەی ئێران لە ساڵی نوێی شۆڕشی ژینادا، کۆنفڕانسێک تایبەت بە ژنان لەسەر ئاستی نەتەوەکانی ئێران پێک بێنین تا هەم ببێتە سەرەتا و ئیستارتێک بۆ هاتنە مەیدانی بەرچاوتری ژنان لەسەر ئاستی ئێران، هەم ببێتە سەرەتا و هەوێنێک کە وەکوو ژنانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، لەداهاتوودا ناوەندێک لەسەر ئاستی ئێران بۆ ژنان پێک بێنین کە ڕێگەخۆشکەر بێ هەم بۆ ڕەواندنەوەی ئەو پروپاگاندانەی کە چەند دەیەیە ڕێژیم لە سەر نەتەوەکانی ئێران دەیکا و هەم ببێتە بەستێنێکی گونجاو کە درز و بۆشاییەکانی نێوان خۆمانی پێ پڕ بکەینەوە و ببین بە ناوەندێکی تۆکمە کە کاریگەری ڕاستەوخۆمان لەسەر درێژەی شۆڕشی ژینا و داهاتووی ئێرانی دوای ڕێژیمی فاشیتی ئێران هەبێت.

بێگومان ئەو کۆنفڕانسە و کۆنفڕانسی هاوشێوە جا چ لە ئاست ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا بێت، چ لە ئاست حیزبە سیاسییەکاندا بێت، چ لە ئاست نەتەوەکاندا بێت، دەتوان مێتۆد و میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی شۆڕش لە سەراسەری ئێران بدۆزنەوە و بەستێنێکی لەبار بۆ پەرەپێدان و هەمەگیرکردنی ساز بکات. چوونکە شک لەوەدا نییە کە دۆخی خراپ ژیان و هەژاری و برسییەتی تینی بۆ خەڵکی ئێران هێناوە و کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە خەریکە دەکوڵێ. دیارە ڕێژیمیش لە بەرانبەردا هەوڵی داوە کە دۆخەکە ئاسایی نیشان بدا، بەڵام لەڕاستیدا گڕکانی ڕقی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران ڕوو لە تەقینەوەیە و بێگومان ئەمجارە دەسەڵات و حکوومەتی ئاخوندەکان ڕادەماڵێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

## ژن و زمانی دایکی



ژنـان دەنگـی شـاراوەی کۆمەڵگـان. مەبەسـت لە شـاراوەیی ئەوەیە کە لە راسـتیدا هەمـوو دەنگـی مرۆڤـایەتی لە ژنـانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەبێ ئەوەی خۆی لە ئارادا بێ و ڕۆڵی دیاری ببێ. پێوەندیی زمان و ژنـان، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کـاریگەر بـووە هەر بـۆیە پێشـینیان لە یەک زاراوەدا هەمـوو بابەتێکیـان ڕاسـت کـردۆتەوە. "زمـانی دایکـی" زاراوەیەکە سـەلمێنەری ڕاستەقینەیی ئەو پێوەنـدی و هەڵپێکـانە مێـژووییەیە. ئەوەش لە حاڵێکـدایە کە فەیلەسـوف و بیرمەنـدەکان پیاوان بوون دەبوا بگوترایە "زمانی باوکی"

لە چاخی ئیستەدا بەهۆی تیکنۆلۆژی و گۆڕانی باری ژیان، ئـاڵوگۆڕ لە پەیوەندیی زمانی ژنانـدا پێکهـاتووە، ئـاڵوگۆڕەکە لە ڕاسـتیدا نەرێنیـیە و هەمـوو دەسـتکەوتە زمانەوانییەکـان و هەروەهـا پێوەنـدیی ژن و زمـان و کۆمەڵگـا لە سـەر هێڵـی ڕاستەقینەی خۆی دەرچووە. بەکورتی تەکنۆلۆژیی زمانی لە دەست خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی کە ژنـانە، سەندووە و پرۆسـەی داوەتە دەستی ئامێرەکان.

خەسارەکانی لێکدابڕانی زمان و ژنان تەنیا بەشێکی پێوەندی بە زمانەوە هەیە. بەشی هەرە زۆری پێوەندی بە ئەو خسڵەت و تایبەتمەندییە ڕەفتاری، هەڵسوکەوت و ئاکارگەلەوە هەیە کە لە ڕەوتی بەخێوکردنی کۆرپەلەدا لە دایکەوە ئەگوازێتەوە بۆ منداڵ.

پرسی زمانی دایکی پرسێکی ئاڵۆزە، ڕاستە کە مرۆڤ (ژن و پیاو) بوونەوەرێکی وتەبێژە (ناطق) و ئەو تایبەتمەندییە ئەوی لە زیندەوەران و ئاژەڵان جیا کردۆتەوە، بەڵام بەپێی توێژینەوە زانستییەکان ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە ژنان پەرەپێدەری زمان و گەشەی ڕێزمان بوون. هەروەها بەشێ هەرەزۆری پێکهاتەی زمان بەشکۆی ژنانە. میسۆن سەبارەت بە سەرەتاکانی "زمانناسی"ی ژن دەنووسێ: "ژنان کە ڕۆژانە و هەموو ڕۆژێک دڵەخورپێی هونەرگەلی پیشەیی جوراوجۆر بوون و تێدەفکران کە دەبێ زمانی ئەو هونەرەش درووست کەن و گەشەی پێبدەن... هەر وەک میکزیکییەکان دەڵێن "هەر ژنێک باشترین وشەدانە". ئەو وتەیە لە ڕاستیدا بەهۆی تێگەیشتنی خەڵکی خۆماڵی ئەو دەڤەرەوە بووە کە لە سەدەکانی ڕابردوودا ژیاون. پیاوانی ناشارستانی بەهۆی ئەوە کە لە کاتی ڕاوکردن و ڕاوەماسیدا، دەبوا بێدەنگ و ئارام بوایەن، هەر بۆیە کەم قسە دەبوون؛ بەڵام ژنان بە پێچەوانە (لە ماڵەوە) پێکەوە بوون و تەواوی ڕۆژ پێکەوە قسەیان دەکرد. ژنان لە ئیستەشدا بێ ئەوەی لە ناوەندگەلی فەرهەنگیدا بن، باشترین وشەدان، باشترین وتەبێژ و باشترین نامەنووسن (رید، ایولین، مادرسالاری، ص ٢٣١). دوای تێپەڕاندنی کۆمۆنە سەرەتاییەکان و یەکجارنشینیی مرۆڤەکان ئیتر بەرەبەرە کار و ئەرکەکانی ژن و پیاو دابەش بوو. ژنان بەهۆی دووگیانی و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵانی دیکەی دەبوا لە ماڵ دانیشتبان و پیاوان خۆراکیان دابین کردبان. ژنان بەهۆی کەم جووڵەیی، مانەوە لە ماڵەوە و... هەموو وزە و ئینرژیی خۆیان بە قسەکردن دەربڕیوە. منداڵان کە لە داوێنی ژناندا پەروەردە ئەبوون، بەشێکی زۆر لە زمان، ئاکار و ڕەفتاری دایکیان پێگەیشتووە. بەپێی ئەو داتاگەلە بۆمان ئەسەلمێ کە لە سەرەتادا پیاوان وەک ژنان ڕۆڵیان لە گەشەی زماندا نەبووە و ئەوە ژنان بوون کە هۆکاری گەشەپێدان و نۆژەنکردنەوەی (بازتولید) زمان بوون. دواتر لە قۆناخەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەموو بیرمەند، فەیلەسووف و پێغەمبەرەکان پیاوان بوون. لە وەها هەلومەرجێکدا بێ ئینسافییە ئەگەر ڕۆڵی شاراوەی ژنان لە پێگەیاندنی پیاواندا کەم بنرخێنین. باروون کۆهەن فمنیست و دەروونناس پێی وایە کە ژن و پیاو خاوەن دو تایبەتمەندیی جیاوازن."پیاوان زیاتر تێدەفکرێن و کەمتر قسە دەکەن بەڵام ژنان بە قسەکردن هەستی خۆیان دەردەبڕن". (کوهن، بارون، زن چیست مرد کیست).

ڕەگەزایەتی بوونی زمان بە درێژایی مێژوو ڕوانگە و جۆری بیرکردنەوەکانی ژنان و پیاوانی گۆڕیوە و تەنانەت ئەتوانین بڵێین زمانی مرۆڤایەتی دو زمانی جیاوازە: زمانی ژنان و زمانی پیاوان. پیاوسالاریی ڕەها و توندوتیژیی دژی ژنان کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی زمان و شارستانییەت داناوە. هەر ناوچەیەک ویژمانی پیاوسالاری بە دوور لە بەشداریی ژنان زاڵ بووبێ، ئەوا شەڕ و پێکدادان و ماڵوێرانی سەری هەڵداوە. زمانی ژنانە و بیری ژیانە دژ بە پێکهاتەی بنەماڵە و



سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵگا جۆرێک تاکڕەهەندی بیرکردنەوەی پیاوانەی زاڵ کردووە. کیبوتس، دایەنگەی منداڵان، باخچەی ساوایان و لە هەمووی خراپتر، ئامێرگەلی خلاوانی منداڵ وەک تیڤی، تەبلێت، موبایل، دەزگای (نەرمەواڵەکانی) ئەپلیکەیشتنی و... هەر هەمووی لە درووستکردنی بۆشایی نێوان دایک و منداڵدا ڕۆڵی شوێن دانەری هەیە. منداڵان لە جیاتیی ئامێزی گەرمی دایک و ئاڵوگۆڕی شەپۆلی خۆشەویستی، بابەتی وشک، ناپێویست، نارەسەن و دوور لە ئادابی قۆناخەکانی منداڵی و... فێر ئەبن. منداڵ و دایک بەهۆی ئەو بۆشاییەوە تام و چێژی ژیان و پێوەندییە مەعنەوییەکان هەست پێ ناکەن.

لە چاخی ئێستادا منداڵ، سەرەتا تووشی درمی نەبوونی پێوندی و پاشان فێرنەبوونی زمانی دایکی و لە ئاکامدا قەیرانی شوناس ئەبێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا زمان و شوناسێکی نوێ بۆ منداڵ درووست ئەبێ کە زمانێکی سەقەت و تووڕەیە. منداڵانی ئێستەلە بارەی وشە و زاراوەوەی دایکییەوە هەژار و کەمزانن . بەزەیی، میهرەبانی، خۆشەویستی لەو زمانە سەقەتە نوێیەدا کەمتر بەدی ئەکرێ. زۆرێک لە خاوەن ڕاکان دەڵێن هەموو دایکێک ئەتوانێ دایک بێ، بەڵام هەموو دایکێک ناتوانێ ڕاهێنەر بێ.

ئەوان جۆرێک دنیای نوێ و مودێرن بە وەرچەرخان و دەسکەوتی ئەرێنی ئەزانن. لە ڕاستیدا بەشێک لە بۆچوونی نوێخوازان زانستییە بەڵام بەشەکەی دیکە بەو جۆرە نییە کە وا بیری لێ ئەکرێتەوە. بۆ نموونە، هیچ ژنێک ناتوانێ جێگای دایک بۆ منداڵ پڕ بکاتەوە. پەروەردەکردنی منداڵان لە دایەنگەکاندا پەروەردەیەکی فەرمی و پادگانییە و منداڵ ئەو سۆز و ئەوینە ڕاستەقینەی دایکانە نابینێ و تامی ئازادی ناچێژێ. ئەو وتەیە بە مانای ڕەدکردنەوەی نوێگەری نییە و بەڕاستی هەموو دایکێک ناتوانێ ڕاهێنەر بێ.

سەبارەت بە ئێران، باسەکە جیاوازترە. ئێمەی کورد هێشتا ناتوانین لە زمانی خۆمان لە خوێندنگەکاندا کەڵک وەربگرین. هەر بۆیە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا منداڵان تووشی قەیرانی شوناس ئەبنەوە. منداڵی کورد ئەگەر لە ئامێزی دایکدا چەندین وشە فێر بووبێ، لە باخچەی ساوایاندا ڕووبەڕووی زمانێکی نوێ و نامۆ ئەبێتەوە کە زمانی فارسییە. منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانەوە تووشی شڵەژانی هزری ئەبێتەوە و لە نێوان زمانی دایکی و زمانی فەرمیدا بە دوودڵی و هەڵپەسێردراوی ئەمێنێتەوە.لێرەدایە کە بۆمان ئەسەلمێ کە زمانی دایکی وەکوو شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و شناژی کەسێتی مرۆڤ هەر وەک فرۆید ئەڵێ کە تا پێنج ساڵان بنج ئەبەسێ، ئەگەر بەشداری ڕاستەوخۆی دایک و زمانی دایکی تێدا ڕەچاو بکرێ ئەوا بنەماکانی پەروەردە پتەو ئەبێ.

## سەرچاوەکان

- رید،ایولین. زن در گسترەی تاریخ. مادر سالاری. ترجمە افشنگ مقصودی. نشر گل آذین. ١٣٩٠

- کوهن، بارون. مرد کیست زن چیست

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٤



## سەید ڕەزای دروودگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەیەم




بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی هەینی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٦ی مەی ٢٠١٦ی زایینی کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات، سەید ڕەزای دروودگەر ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزب، بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لە شاری بێرگن لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کردووە.

مەرگی سەید ڕەزای دروودگەر خەسارێکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چوونکە حیزب و خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە توانا و وره و تێکۆشانی بەردەوامی یەکێک لە کادرە دڵسۆزەکانی بێبەش بوو.

سەید ڕەزای دروودگەر، ڕۆڵەیەکی تێگەیشتوو و خاوەن بڕوای پۆڵایین بە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی بوو کە لە ڕۆژی یەکەمی دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئارمانجەکانی نەتەوە چەوساوەکەیدا تاکوو دوایین ساتەکانی ژیانی، بە ئیرادە و ورەیەکی شۆڕشگێرانە و کۆڵنەدەرانەوە، لە سەر ڕێگەی دروستی خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو و نەک ورەی بەرنەدەدا، بەڵکوو ورەبەخش بوو بۆ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی.

کاک سەید ڕەزا ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە شاری پاوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر وبەناوبانگ و خاوەن پێگەی دیاری کۆمەڵایەتی لەدایک بوو. بنەماڵەی نیشتمانپەروەری دروودگەر، جیا لە سەید ڕەزا دوو کوڕی دیکەی بەناوەکانی سید مەنسوور و سەید ڕەئووف دروودگەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا گیانیان پێشکەشی ڕێبازی پڕ سەروەری کردووە و شەهیدبوون. کاک سەید ڕەزا تاکوو قۆناخی "فەوق دیپلۆم" لە بواری "حەسابداریدا لە قوتابخانە و زانکۆدا خوێندی و لە شارەکەی خۆیدا خەرمانی کەسایەتیی بەپیتتر کرد.

لە سەرهەڵدانی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٣٥٧دا، لە ڕێکخەران و کەسانی چالاکی شۆڕش لە شاری پاوە بوو و وەکوو دێموکراتێکی بەباوەڕ کار و خەباتی دەکرد و لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکرات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشدار بوو و لە سەرتاسەری دەورانی خەباتی حیزبی دێموکرات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا، بێ دوودڵی و بە باوەڕ بە ئارمانەکانی حیزبی دێموکرات، لە سەر ڕێگای خەبات بەردەوام بوو و بەوپەڕی لێبڕاوەییەوە خۆنەویستانە و ڕاستگۆیانە بۆ سەرکەوتنی باوەڕ و پرەنسیپە گشتیەکانی تێ دەکۆشا.

هاوڕێی کۆچکردوو، سەید ڕەزا دروودگەر لە ساڵی ١٣٦٦، لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبەوە هەتاکوو ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی کە بۆ دەرمانی نەخۆشی چووە دەرەوەی وڵات، چ وەکوو ئەندامی ئەسڵی و چ وەکوو جێگر و چ وەکوو ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوو.

ساڵی ١٣٨٨، بەناچاری و دوور لە ویست و حەزی خۆی، ئیجازەی پێ درا کە بۆ چارەسەری نەخۆشی بڕواتە دەرەوەی وڵات. هاوڕێ سەید ڕەزا لە ماوەی تێکۆشانی حیزبیدا، بەوپەڕی ڕاستگۆیی و لێوەشاوەیی و پێگەیشتووییەوە ئەرک و بەرپرسیارەتییە حیزبییەکانی بەجێ گەیاند و بەدرێژایی ساڵانی ئەندامەتیی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا، چەندین بەرپرسیارەتیی گرنگی لە ئەستۆ گرت، کە لە بڕگەی جیاوازی خەبات و تێکۆشانی لە ڕیزی کادر و پێشمەرگەی حیزبدا جێگەی باوەڕ و متمانەی ڕێبەریی و کادر و پێشمەرگەی حیزب بوو.



سەرچاوە
Serchawe

**هەندێک لەو بەرپرسیارەتییانە بریتین لە:**

- **جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی**
- **بەرپرسی کۆمیتەی هەورامان**
- **بەرپرسی مەڵبەندی سپی‌سەنگ (پیرانشار و نەغەدە)**
- **بەرپرسی حیسابداری و ماڵی و هەروەها جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب**
- **جێگری کۆمیتەی ئەمنیەت**

**هاوڕێ سەید ڕەزا دروودگەر لە سەرتاسەری تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید، پێداگر و وەفادار بوو و لە هەموو بڕگە و قۆناغە سەختەکانی خەباتدا هەردەم ئامادەی وەئەستۆگرتنی ئەرکی قورستر لە پێناوی لەنگی پێکنەهاتن لەکارەکان و دڵخۆش نەبوونی دوژمنان و نەیاراندا بوو و بۆ چرکە ساتێکیش،بیرو باوەڕی لە کزی نەدا و دوودڵی لە ڕێگا دروستەکەیدا بۆ پێکنەهات.**

**لەم ساڵانەی دواییشدا بە ناچاری بۆ چارەسەریی نەخۆشی ڕووی لە وڵاتانی سکاندیناوی کرد و لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا، بە دڵ و بە باوەڕ هەر لەگەڵ هاوسەنگەرانی و هاوڕێیانی خەباتی بوو و بە نەخۆشی و خراپیی باری تەندروستیشەوە، هەردەم ڕێنوێن و پاڵنەری هاوڕێیانی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان بوو.**

**بەداخەوە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە، ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کرد و ئەرکی خەبات و تێکۆشانی بە دۆستان و هاوبیرانی ئەسپارد.**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ئەو کۆچە ناوەختە و ئەو خەسارە لە ڕیزی خەباتی حیزب، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری هاوڕێی کۆچکردوو سەید ڕەزا دروودگەر و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و هەروەها خەڵکی تێکۆشەر و دێموکراتپەروەری پاوە دەکات و خۆی لە خەمی لەدەستدانی هاوڕێیەکی دێرین و بەوەفادا بەشدار دەزانێ.**

**ڕۆحی شاد و ڕێبازی پڕ سەروەریی پڕڕێبوار بێ.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٨ی ٢ی ١٣٩٥

٧ی ٥ی ٢٠١٦

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی کۆچی دوایی کادرێکی پێگەیشتوو و تێکۆشەری حیزب

کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شنە درروودگەر بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو وتووێژەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

